##ماملێ و ئاڵای کوردستان...

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢١.١٢.٢٠٢١







**(ماملێ)** ناوێکە هەموو پێی ئاشنایین و لە پانتایی هونەریی کوردیدا پێگەیەکی شایستەی پڕ لە نەمریی هەیە.

ئەز بۆ خۆم ، بە درێژایی تەمەن و سەراسۆییم لەتەک ڕۆشنبیریی کوردیدا، تا هەنووکە ڕاز و گلەیی و ڕەخنەیەکی دیاریکراوم لە سەر ماملێ بەرچاو نەکەوتووە. ئەم هونەرمەندە هێندە بە عەشق و دڵسۆزی و بێگەردییەوە، مامەڵەی لەتەک هونەرەکەیدا کردووە، نەیهێشتووە دەلایەک بکەوێتە کارەکانییەوە .ئەمەندە بە ڕەوشتەوە کاری لەسەر هونەرەکەی کردووە، بواری بە هیچ ناحەزێک نەداوە، بیداتە بەر نەشتەر، مەگەر کوێرانە..!!

ماملێ لە بواری نەتەوەیشدا، بە باوەڕی بەرزی کوردانە و خوێن و گیان و هەڵوێست بەشداریی کردووە و کوڕێکی نازداری کاکە « نەجات «گیان بەختکردووی کردۆتە قوربانی کوردایەتی و دەیان سروودی نەتەوەیی وتووە و وتۆتەوە و بە هونەرەکەی بەشدارییەکی کارای لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا کردووە و ئەوەی لەسەر شانی بووە وەک هونەرمەندێکی نەتەوەیەکی بێ ناسنامەی، نیشتمان داگیر و دابەش کراو بەزیادەوە ئەنجامی داوە.. لە پاش خۆیشی نەوەیەک لە ڕۆڵەی کوردپەروەری هونەرمەند بۆ بەجێ هێشتووین، کە بەتدەوام لەسەر تێکۆشان و خزمەت لە سەنگەری کوردایەتییەوە..

لەم ڕۆژانەدا کاک "وریا ماملێ" ی کوڕی مامڵێ، کە هاوکات سەرپەرشتی دەزگای مامڵێ دەکات و لە فەیسبووکدا چالاکە، بە بۆنەی ( ڕۆژی ئاڵای کوردستان (ەوە 17.12.2021 کورتە باسێک و چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیی لەتەک "جەعفەری مامڵێ"ی مامی و برای مامڵێ دا بڵاو کردەوە... لەوێدا چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش دەگێڕنەوە:

"مامڵێ وەک گەنجێکی 20 ساڵی پاش روخانی کۆماری کوردستان، ئاڵایەکی کوردستانی دەکەوێتە دەست ، بۆ ئەوەی ئەو ئاڵایە لە دەست دەسەڵاتی خوێناوی و چەپەڵی ئێرانی بیپارێزێ، لە ماڵی خۆیان لە شوێنێ دەیشارێتەوە. سیخوڕ و نامەردێکی کوردایەتی ئاگای لەم کارەی مامڵێ دەبێ و دەچێ لای دامودەزگاکانی دەوڵەوت سیخوڕی بەسەرەوە دەکات و هەواڵ لەسەر مامڵێ دەدا و بەم بۆنەوە مامڵێ دەگیرێت و تووشی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەبێتەوە..

دایکی مامڵێ بەهەر بەرتیل دان و نارەحەتی کێشان و چەرمەسەرییەکی بێت، پاش چەندین ڕۆژێ ڕۆڵەکەی لە چنگ دەزگای ئاسایشی دەوڵەت دەردێنێ و ئازدی دەکات. سەرباری گشت مەترسی و هەڕەشەکان! ئاڵاکەش هەر لە ماڵی خۆیاندا ، دەپارێزێ..هیچ گومانێ هەڵناگرێ.. ئەم بەسەرهاتە و ئەم هەڵویستە نەتەوەییە و ئەم باوەڕ و ئازایەتییە، جارێکی تر دەبێتە تاجی سەروەری سەر مێژووی ناو و خەباتی مامۆستا مامڵێ .

ئەگەر مامڵێ بە مێژووە پڕ لە شانازییەکەی نەمر بێت، ئەوا بەم هەڵوێستەی جارێکی تر شەهادەت و پلەی هەرگیز نەمریی بەدەست هێناوە. ئاخر هەر کەس دەزانێ گیانبازییەکی لەم چەشنە! لەگەڵ داگیرکەرێکدا، کە ترسنۆکانە و بێ شەرمانە بە بەرچاوی دنیا "پێشەوا" و هاوڕێکانی لە "چوارچرا " لە سێدارە دابێت، خودی ئەو برینەی جەستەی کورد هێشتا خوێنی لێ چۆڕابێت! شتێکی کەم نییە.

دەبا ئەم لاپەڕە گەشەی تری خەبات و کوردایەتی مامڵێی هەمیشە زیندووی سەرکەش و مێژوو گەش، بچێتە سەر وێستگەکانی تری خەباتی ئەو کەڵە هونەرمەندە گەورەیەی نەتەوەکەمان .گەر ڕۆژی خۆری سەربەخۆیی کوردستان پڕشنگی دا و پەیکەری هونەری کوردی داڕێژرا، بەشێکی گرنگی مامڵێ بنوێنێ .چونکە مێژووی ئاڵای کوردستان و بیر و هەڵوێستی مامڵێ لەم میانەدا هێندەی تری هەرگیز نەمر دەکات ....ئەم گەرمەشینە بۆ مامڵێ گەر پەیڤەکانی بە

ئاوی زێڕیش بنووسرێ، هێشتا بارتەقای دانەوەی قەرزی کوردایەتی و قوربانی "ماملێ" ناکات.

کەواتە بێ هیچ سڵکردنەوە و دڵەڕاوکێیەک دەتوانین بنووسین : مامۆستا ماملێ.. ئارام بنوو، ئاواتت هەر دێتە دی، سێبەری ئاڵای شەکاوە لە مەیدانی چوارچرادا ، بگاتە سەر گۆڕ و کۆتەڵە پیرۆزەکەت... دۆست دڵخۆش بکات و دوژمن و ناحەز دیق بەرن... ئیدی نە تۆ لەسەر ئاڵای کوردستان زیندانی بکرێت و نەڕۆڵەکەت لەسەر کوردایەتی کردن لە سێدارە بدرێت. گیانی کاکە " نەجات" ی لە سێدارە دراویش مەدالیای سەربەخۆیی نەخشتر دەکا ..

گڵکۆت چراخان و گوڵڕێژی نێرگز و ریحان و بەیبوون بێت...مامۆستا ماملێ.. یادت هەمیشە بەخێر....




